# چەندە بارانم خۆش دەوێت

سیروان حه نیفی
2006.11.05
sirwan_e@yahoo.se



شه وێكی بارانی
هاوڕێم
شێعرێكی باڵه واز بو
میله كانی قه فه سی شكاندبو
باڵه كانی ته ڕ ته ڕ
وه ك خه ونی ماسی
چاوه كانی گه ش گه ش
ئاوێنه بون
حه زه كانی بێ ترس به ڕوخسارم ئه دا و
له خۆی ئه وت
دڵی ئه كرده وه و
له تۆی ئه وت
باوه شی پێدا ئه كردم و
له منی ئه وت
له و زنجیره ی ساڵانێكه زره ی دێت
و
كه سمان ناوێرین لێی هه ڵ بێین
ده نوكه قنج و سوره كه ی
هه ر خه نده بون
هه ر شادی بو ئه یان پژان
ستیانه كانی
نا، نا
خۆدی مه مكه كانی
پساندنی دیلی و ره مزێك بون بۆ ئازادی
له ده ریا بون ئه یوت
ده تگۆت قه د شه پۆلێكی توڕه ی نه دیوه
هێنده ناسك
تاشه به رده كانیش كڕنۆشیان بۆ ئه برد
هێنده بێ گه رد
دایكی هه مو شێعره كانیش
بۆ نیان پێوه ئه كرد
بۆن به پاكی ئه و
چه ند پیاوێكی به خته وه ر م
كه شێعرێكی بێ سنور
هاوڕێم بێت
چه نده بارانم خۆش ئه وێت
شه رت بێ هه رگیز په نجه ره كانم دا نه خه م
كه باران بێت
به ڵكو شه وێكی دیكه ش

به بێ ترس و
به بێ پرس
خۆت له باوه شم بخه یت و
له خۆت بڵێی
ده ستم بگری و
له من بڵێی
ماچم بکه یت و
له ئێمه بون بڵێی
…………..